مۆراڵ

# چارەنووس

## لە رۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵەی عەتا نەهاییدا)



پەیوەند عومەر دەینوسێت

فكرەی رۆمانەكە لەسەر خێزانێكی ئاوارەی كوردی دادەمەزرێ، كە زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن‌و وەكو باڵندەیەكی كۆچەری‌و هەروەرزەی جێگایەك بە هەموو جیاوازیەكانیەوە دەبێتە نیشتیمانیان. ئەم خێزانە لە ژێر كاریگەری ئەو بیرە نوێیەی كە لە سەدەی رابردوودا بە ئێراندا بلاَوبۆوە، بڕیاری خەباتكردن دەدەن‌و دەبنە خانەوادەیەكی پێشمەرگە، ئەگەرچی خێزانەكە لە یەك مۆدێلی كولتووریدا دەردەكەون، بەلاَم جیاوازیەكانیان ئەوەندە گەورەو مەزنن كە لە ئەزمونكردنی ژیانی شاخیدا دەبنە چەندان بۆوونی جیاواز.

هەر لە سەرەتادا كوڕێكی ئەو خێزانە بەناوی (مەجید) نەك نایەوێت وەك باوكی بیربكاتەوە، بەڵكو ئامادە نییە لە حزبەكەی ئەویشدا ببێتە پێشمەرگە. (هەلاَڵە) كە كچێكی ئەو خێزانەیەو تەواوی كچێنی خۆی رەتدەكاتەوەو رێچگەش نادات هیچ كەسێ بچێتە ناو ئەو ژیانە تایبەتیەی ئەوو بیری بخاتەوە كە ئەو كچە. ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی هەلاَڵە هی باوكی بوو بەلاَم دواتر لە قافیەی ئەو دەرچووبو بە مۆدێلی ژیانی هەلاَڵە خۆی. جەنگی هەلاَڵە لەگەڵ سروشتی كچێنی خۆیدا بەردەوام بوو تەواوی جیاوازی‌و غەریزە مێینەكەی خۆی لە ژێر پۆشاكی پیاوانەدا شاردبۆوە. نەیدەزانی ئەمەش جۆرێكی دیكەیە لە دیلی‌و پێشێلكردنی دیكەی مافی كچانەیە. تاكو رۆژێك گەنجێكی خوێندەوارو رۆشنبیر لە رادیۆی شاخ بەناوی(برایمۆك) دەناسێ‌و بڕیاردەدەن بەیەكەوە بەرنامەیەكی ئەدەبی پێشكەش بكەن. نابینی برایمۆك سەرەتای ئەو چارەنووسە نادیارە بوو كە دواتر هەلاَڵەی كردە نێچیرێك كە هەمیشە راوچەیەكی چاوچنۆكی بە دواوەبێ. برایمۆك توانی سروشتی دیلكراوی هەلاَڵە جارێكی دیكە بگرێتەوە شوێنی خۆی‌و جلوبەرگی خاكی پیاوانەی پێ بگۆڕێت بە كراسی شین‌و پەمەیی ژنانە كە لە هەردوو رەنگەكەدا ئومێدو هیوا بە ئایندەی تێدابێ.

برایمۆك دەڵێ: هەلاَڵە من دڵنیام تۆ جوانترین كچی دنیایت تۆ لە رێگای ئەم سروشتە سیحراویەتەوە دەتوانی فیداكاری بكەیت‌و گرەوی ژیان بەریتەوە. برایمۆك دەبێتە یەكەم عاشقی هەلاَڵەو بڕیاری ئەویندارى بەیەكەوە دەدەن. سروشتێكی چەند سەیرە كچێك دوای تەمەنێك لە دژایەتی جەستەی خۆی ئێستا جارێكی دیكە بگەڕێتەوەو عاشقیش بێت. باوكی هەلاَڵە وەختێ بەوە دەزانێن كارەكە تێك دەدات‌و ناهێڵێ چیدی برایمۆك لە رادیۆكە بمێنێتەوەو دەیكەنە بەرپرسی بەشی بلاَوكردنەوە لە جێگایەكی دیكەدا. بەلاَم هەلاَڵە بەباوكی دەڵێ" برایمۆك دەیەوێت من بخوازێت" بەمە باوكی هێندەی دیكە ئاگری رقی پەرەدەسەتێنێ‌و دەڵێ " ئەو هەتیوە هەر رۆژەی لە جێگایەكە من دڵنیام كە بۆ پێشمەرگایەتی نەهاتووە، وەرە من‌و تۆ گرەوێك بكەین، تەنها دە رۆژ قسەی لەگەڵدا بڕە ئەگەر خۆی تەسلیم نەكردەوە بزانە من دۆڕاوم‌و تۆش گرەوی خۆتت بردۆتەوەو بەدوای چارەنووسی خۆتدا بڕۆ". گرەوەكەی هەلاَڵە برایمۆك بەكوشت دەدات، لەگەڵ مردنی برایمۆكدا رووداوو كارەساتەكانی ئەو خێزانەش رو لە زیادبوون دەكەن‌و ولاَتیش رۆژ بەرۆژ بچوكتر دەبێتەوە، هەلاَڵەو براكانی‌و مامی كۆچ دەكەن بەرەو ولاَتی سوید، بەلاَم باوكی، هەلاَڵە لەبیرناكات، بەتایبەتی ئەو جەنگەی كە بڕیاریدا بوو لەگەڵیدا، چونكە بڕیاری بۆدا بوو هەلاَڵە كورێكی نەك كچێكی عاشق. هەربۆیە باوكی یەكێك لە پێشمەرگەكانی خۆی بەناوی (شێرزدا) هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی بچێتە سویدو ببێتە مێردی هەلاَڵە.

مێردێكی رۆژهەلاَتی بەتاواوی كولتوورەكەیەوە بۆ كچێكی سەربەستی وەكو هەلاَلە پێویست بوو. هەلاَڵە ناچاردەكات لە ولاَتی سوید داوابكات كە مێردەكەی لە كوردستانەوە دەیەوێت رایبكێشێتە لای خۆی. هەلاَڵە وەكو هەستێكی ئینسانی دەیویست ئەمە بكات چونكە دوای مەرگی برایمۆك بڕیاریدابوو هەركارێك كە دەبێتە هۆكاری ئەو گەنجانەی كە لە مەرگ نزیك بوونەوە بیكات. كارەكانی بەخێرایی تەواوبوون شێرزاد بەخۆیی‌و جانتاكەیەوە گەیشتە سویدو لای هەلاَڵە. هەلاَڵە دوای تەواوكردنی كارەكەی شێرزاد ویستی ئیتر جیا بێتەوە لێی، بەلاَم پێداگریەكانی شێرزاد كە دەیگوت ( من لەبەر عەشقی تۆ ئەم غوربەتەم هەڵبژاردووە) وایكرد بەژن‌و مێردی بمێننەوە، منداڵێكیان لە داوێن كەوتەوە. شێرزاد كولتووری خۆرئاوای پێی قوت نەدەدرا هەلاَڵەش بە پێچەوانەوە رۆژ بەرۆژ دەچوە پێش. لەگەڵ هەرچونە پێشەوەیەكی هەلاَڵەدا ئەوەندە ژیانی خێزانی‌و جیاوازیەكانیان دورترو گەورەتر دەبوو، شێرزاد پێداگری گەڕانەوەی دەكرد. هەلاَڵەش دەیگوت نیشتیمانی من ئێستا سویدە.

سەرەنجام گەیشتە جیابوونەوەو تەلاَق، شێرەو هەلاَڵە لەیەكتری جیابوونەوە، بەلاَم پیاوی رۆژهەلاَتی پێی وایە دوای تەلاَقیش حەقی تەسەروفی بەسەر ژنەكەیدا هەیە، هەر بۆیە شێرزاد وەكو شێرێكی بریندار بەدوای هەلاَڵەوە بوو، وەختێكیش بەوەی زانی ماڵەكەی گواستۆتەوە بۆ ئەو ئاپارتمانەی كە مامۆستا ئێرانیە تەنیاكەی (سەعید)ی تێدادەژی. ئەو خەنجەرەی كەدیاری باوكی بوو لە كوردستانەوە بەو هەموو سنورانەدا تێدەپەڕێت‌و دێت تا لەنێو باڵەخانەیەكی هێمنی شاری ستۆكهۆڵمدا بەدەستی شێرزاد لەسەر دڵی هەلاَڵە دەچەقێ.

# منداڵو مێژوو

و: م. خالید ایبراهیم



چۆنو بە چ شێوەیەك دەتوانین منداڵانمان ئاشناکەین بە مێژوو؟ مێژوو چییە؟ مێژوو کۆمەڵێك رووداوو بەسەرهاتە کە لە چەند کاتو شوێنێکی دیاریکراودا رویانداوەو دەخرێنە بەرباس. لە مێژوودا تەنها رووداوەکان باس ناکرێن، بەڵکو هۆکاری رووداوەکانیش دێنە بەرباس. بە بۆچوونی مێژووناسان، رووداوەکان شیدەکرێنەوە.. ئەگەر مێژوو بەراستیو راستگۆیی باسبکرێت، دەکرێت پەند ئامێزوو وشیارکەرەوە بێت. یەکێك لە تایبەتمەندیە باشەکانی مێژوو زانیاری پێدانی نەوەی دواترە تاکو رێو شوێنی خۆیان لەگەڵ ئەو رێوشوێنانەی فێری دەبن بەراوردبکەن، ئەم کارەش ئەنجامی باشی لێ وەدەست دێت. یەکێ لەو ئەنجامە، خۆپارێزییە لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان. تایبەتمەندیەکی دیکەی مێژوو، نموونە وەرگرتنە..

لە مێژوودا دەتوانی رووداو رووداوو کەسایەتیەکان بە نموونە وەربگرین جا ئەرێنی بن یان نەرێنی، ئاشنایەتی لەگەڵ نموونە ئەرێنیو کاریگەرەکانی مێژوو دەتوانێ جۆرە پەیوەندیەکی سۆزو خۆشەویستی لەنێوان تاکی ئێستاو ئەواندا بێنێتەکایەوە. لەسەر ئەو بنچینەیە، ئاشنایەتی منداڵان بە کەسایەتیە مێژووییەکان بەتایبەت کەسایەتیە کاریگەرەکان دەتوانێ پەیوەندیەکی خۆشەویستی لەنێوانیان درووست بکات، ئەمە سەرەرای ئەوەی زانیاری گرنگیان دەربارەی مێژووی خۆیان پێدەدات. ئەزموونو تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی، هەرکاتێك منداڵ تێکەڵیو ئاگایی لە کەسایەتیە مێژووییەکان بەتایبەت کەسایەتیە کاریگەرەکانی مێژوو پەیدا دەکات، هەوڵ دەدات هەمان رۆڵو توانای ئەوان لە دەروونی خۆیدا تاقی بکاتەوەو لاساییان بکاتەوە. کە ئەمەش کاری پەروەردەییەو دەرەنجامی ئەرێنیو باشی بەدوادادێتو دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسێتی بە ئاراستەیەکی سودبەخش. بۆ نموونە: ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان بە کەسێتیە بەناوبانگەکانی وەك ( ئەحمەدی خانیو ئەورەحمان پاشای بابانو قازی محمدو ژەنەراڵ بارزانی) ئاشنابکەین. پێویستە دەربارەی ژیانو بەرهەمو کاریگەرییان لە مێژوودا قۆناغ بەقۆناغ زانیاری بدەینە منداڵانمانو بۆیان باس بکەین. بەتایبەتی باسکردنی ژیانی منداڵی هەر کەسایەتییەك زۆر سەرنج راکێش دەبێت بۆ منداڵ.. ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەردوام بێتو دایكو باوكو مامۆستایان تێبینی دەکەن کە رەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵانە دەبێتو جۆرێك لە خۆشەویستی لەنێوان ئەو منداڵانەو کەسایەتیە باسکراوەکاندا دروست دەبێو دەبێتە سەرەتای لاساییکردنەوەو خۆنواندنی منداڵەکە. بێگومان ئەمەش بۆ دایكو باوكو مامۆستایان کارێکی پیرۆزە. هەڵبەتە دەبێت بلێین بەداخەوە، زۆرێك لە دایكو باوکان، دەربارەی کەسایەتیە زانستیو بەناوبانگەکان زانیاریان کەمەو تەنها ناویان بیستوون. هەر بۆیەشە ناتوانن مێژوو بۆ منداڵەکانیان بکەنە بابەتێکی سەرنج راکێش. بۆیە پێویستە هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردنو زیادکردنی زانیاری خۆیان بدەن، دەربارەی مێژوو پێویستە لەسەر هەریەکێك لە ئێمە ئەو خاڵە لە یاد نەکەین کە ئەگەر خۆمان منداڵانمان بە کەسایەتیە ناودارەکانی مێژووی خۆمان ئاشنا بکەین، ئەوا دەوروبەرمان بەهی خۆیانیان ئاشنا دەکەن. کە ئەمەش زیانێکەو قەرەبووی ناکرێتەوە لە قەبارەگرتنی کەسایەتی منداڵانو نەوجەوانانمان.

لەبەر ئەوە ئاشناکردنی منداڵانمان بە مێژوو پێویستیەکی پەروەردەییو نەتەوەییە لەو بارەیەوە قسە زۆرن بەڵام پێویستە ئەم خاڵانە لەبەر چاوبگیرێن.

١-ئەو کەسایەتیەی دەتەوێت منداڵان پەیوەندی لەگەڵدا پەیدا بکەن بیناسێنە بە منداڵەکان.

٢-دەربارەی ئەو کەسایەتیە زانیاری زۆر کۆبکەوە لە کتێبو سەرچاوەکاندا.

٣-هەوڵبدەو ژیاننامەی ئەو کەسایەتیە بە وردی بۆ منداڵەکان باس بکە.

٤-هەرکاتێك بۆت دەرکەوت منداڵەکەت خۆشەویستی بۆ ئەو کەسایەتیە پەیداکردووە گرنگی پێبدەو کتێبو سەرچاوەی زیاتری بۆ فەراهەم بکە.

٥-داوای لێبکەو هانی بدە تاکو بەشێك لەژیانی ئەو کەسایەتیەت بۆ باس بکات.

٦-دەتوانیت لەناو خێزانەکەتدا دەربارەی یەك کەسایەتی مێژوویی باسو گفتوگۆ بکەی.

٧-هەمیشە بەچاکی دەربارەی کەسایەتیە بەناوبانگەکانی مێژوو قسە بکەو ناویان بهێنەو رێزیان بۆ دابنێ، ئەم رەفتارەت شۆڕدەبێتەوە بۆ ناخی منداڵەکەتو لە کەسایەتیدا رەنگ دەداتەوە بەچاکی.

سەرچاوە: کودك نیوز

لەدەقە فارسیەکەیدا (ابن سیناو فارابیو رازی) هاتووە

## حاجی ساڵحی دۆخین فرۆش

# ئەو پیرەی ڕۆژ تا ئێوارە بەدوای پیاواندا دەگەڕێ



حاجی ساڵحی دۆخین فرۆش پیاوێکی قسە خۆش‌و دەم بە پێکەنینە، هەرکەسێك دووکانی لەناو رانیە هەبێ ئەو دەناسێت.. ( حاجی ساڵح) وەکو خۆی دەڵێت "من حاجیم‌و هەر بەراستی حەجم کردووە. ئەو زۆر بەداخەوە بوو بەوەی تا ئێستا سێ ژنی یەك لەدوای یەك هێناوە بەڵام تا ئێستا منداڵێکی نییە بۆیە دەیگوت" چیبکەم تا ئێستا سێ ژنم هێناوە بەڵام خوا منداڵێکی نەداومێ زۆر شوکر.. حاجی ساڵح ڕۆژگارێك پاقلەی دەفرۆشت‌و وەختێك تۆوی گوڵە بەڕۆژە، وەکو خۆی دەیگوت" ماوەیەك تەنیا پاقلەم دەفرۆشت دەمگوت پاقلەی منداڵان بەڵام دوایی دەستم کرد بە فرۆشتنی گوڵەبەڕۆژەی پیاوان‌و ئەویشم وازلێهێناو ئێستا بۆ ماوە سێ ساڵە دۆخینی پیاوان دەفرۆشم. کاتێك سەبارەت بە ساڵی لەدایك بوونی پرسیارمان لێکرد زۆر بە هێمنی‌و دەم بەخەندەوە گوتی" بەخوا برا من نازانم ساڵی چەند لەدایك بووم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لە بناری کۆسرەت گوندی( کانی بنە) لەدایك بوومە، برا خۆ کاتی خۆی دنیا وەك ئێستا پێشکەوتوو نەبوو تا خەلك بزانێ ساڵی چەند لەدایك بووە بەخوای نازانم چ ساڵێك لەدایك بووم".

سەبارەت بە ساڵی هاتنی بۆ رانیە ئەویشی نەدەزانی ساڵی چەند بوو بەڵام بەهۆی ڕووداوێکی مێژوویی کەبەسەر قەڵادزێ هاتووە ئەویش بۆمبارانکردنی قەلادزێ بوو بەوە دەیزانی ساڵی ١٩٧٤ هاتووە بۆرانیەو دەیگوت"ئەوکاتە هاتین کە قەڵادزێ بۆمباران کرا، سەرەتا دەستم کرد بە فرۆشتنی پاقلەو زۆر کاری دیکەش، ئەوکات بە دوای منداڵدا دەگەڕام تا پاقلەم لێبکڕن، بەڵام دوای راپەڕین گوڵە بەڕۆژەشم فرۆشتووەو ئێستاش دۆخین ڕۆژ تا ئێوارە بەدوای پیاو دەگەڕێم بەڵام بەخوا پیاوی شەڕواڵ لەپێ ئێستا زۆر کەمبوونە جاران زۆرتر بوون، ڕۆژ تا ئێوارە چوار تا پێنج دۆخینی شەڕواڵی پیاوان دەفرۆشم، کاکە ئەوەی من دەیفرۆشم دۆخینی پیاوانە بەڵام ئێستا خەڵك هەمووی پانتۆڵی لەبەرە کەس دۆخین ناکڕێت منیش ڕۆژانە هاوار دەکەم‌و دەڵێم" وەرن بۆ دۆخینی پیاوان، بۆیە من ڕۆژ تا ئێوارە بەداوای پیاودا دەگەڕێم تا دۆخینم لێبکڕێ.

ئەو دەیگوت"من وەکو قسەیەکی خۆش هاواردەکەم‌و دەڵێم دۆخینی پیاوان یان دەڵێم پیاو نەماوە، دەنا من هەموو خەڵکم پێ پیاوەو خەڵك زۆری خۆش دەوێم بەتایبەتی ئەفەندی‌و مۆزەفەکان زۆر ڕێزم دەگرن‌و گاڵتەم زۆر لەگەڵ دەکەن، پێیان دەڵێم وەڵا ئەو پانتۆڵەی ئێوە هی پیاوان نییە وەرن شەڕواڵ لەبەر کەن‌و دۆخینی پیاوان لەمن بکڕن.. ئەوان زۆر کەیفیان بە قسەکانی من دێت.

سەبارەت بە ژن‌و منداڵەکانی دەیگوت" من سێ ژنم یەك لەدوای یەك هێناوە بەڵام چی بکەم خوا منداڵی نەداوە زۆر شوکر، ئێستا بەخۆو بە پیرێژن لە خانووی خۆماندا دەژین‌و خانەنشینی پێشمەرگەی کۆنی یەکێتیم، مانگی(٢٥٠)دیناری سویسری وەردەگرم، ئەوەش بەشمان ناکات دەبێت بێمە بازاڕو دەبینی دۆخینی پیاوان دەفرۆشم دەنا بەخوا بابە ناتوانم بژیم، هەر ئەوەندە زۆرجار بەهۆی قاچەکانم کە دێشن‌و ئازاریان هەیە، بەردەبمەوەو خەڵکی بە عارەبانە دەمبەنەوە ماڵەوە، ئەگەر فەقیری‌و بێ منداڵی نەبێت من بەم هەموو نەخۆشی‌و گرفتەوە هی ئەوەمە بێمە بازاڕو دۆخینی پیاوان بفرۆشم.

حاجی ساڵح زۆر دڵخۆش‌و ئارام ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان پیاسەدەکات‌و دۆخینی پیاوان دەفرۆشێت، لە سیمای ئەودا هیچ چەشنە مەراق‌و بێ ئومێدیەك نابینی ئەگەر لە ژیانی ورد نەبیەوە هەرگیز هەست ناکەی کە ئەمە پیاوێکی هەژارە، ڕۆژتا ئێوارە هاوڕێی شەقامەکانی شاری رانیەیە بەردەوام هاواردەکات دۆخینی پیاوان.. دۆخینی پیاوان. ئەو دەڵێت ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێك خەڵکی هەموویان بگەڕێنەوە بۆ شەڕواڵ‌و قاتی کوردی، بۆ ئەوەی منیش دۆخینی زۆر بفرۆشم.

# چارلز دیکنز و ڕۆمانی ئۆلیڤەر تویست




**شکار ئەحمەد**

چارلز دیکنز بە یەکێك لە نووسەرو ڕۆماننووسە هەرە ناودارەکانی ئینگلیز دادەنرێت، کە لە ماوەی ژیانی ئەدەبیو نووسینی خۆیدا جگە لە کاری ڕۆژنامەنووسی خاوەنی چەندین ڕۆمانی بەناوبانگە. لە گرنگترینو پڕخوێنەرترین نووسینو ڕۆمانو بەرهەمە ئەدەبییەکانی چارلز دیکنز: (دوا کاغەزی یانەی پکویك، گۆرانیی جەژنی پمل، خاتوونی خامۆشی، چیرۆکی دوو شار، پێشبینی گەورە، ڕۆمانی ئۆلیڤەر تویست)و چەندین ڕۆمانی دیکە. چارلز دیکنز لە دانانو دروست کردنی کەسایەتیو پاڵەوانەکانی نێو ڕۆمانەکانی زۆر سەرکەوتوو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکی کارەکانی زیاتر لەشێوەی ریفۆرمخوازگەرایدا دەرکەوتووەو لەڕێی ڕۆمانو نووسینەکانیەوە هەوڵی داوە کە باس لە کێشە هەنووکەییە فکریو کەلتوریو پەروەردەییو کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی بکات. هەروەها چارلز دیکنز حەزی بە کاری شانۆیی کردووەو ڕۆڵی لە نمایشە شانۆییەکاندا هەبووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کاری دەرهێنانیشی هەر کردووە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك بیەوێت سەیری ڕۆمانو بەرهەمە ئەدەبیەکانی چارلز دیکنز بکات پێی وایە ئەم مرۆڤە لە ژیانیدا زۆر ئاسوودەو خۆشبەخت بووە، بەڵام هەروەکو لە ژیاننامەکەیدا هاتووە کەسێکی ئازارچەشتوو بووەو لە ژیانیدا گەلێك چەرمەسەریو نەهامەتیو ناڕەحەتی هاتۆتەڕێ. بە بۆچوونی خۆم ڕەنگە ئەمە یەکێك بووبێت لەو هۆکارانەی کە چارلز دیکنز لە ڕۆمانەکانیدا بەتایبەت لە ڕۆمانی (ئۆلیڤەر تویست)دا کەسایەتیو پاڵەوانی میهرەبانو ژیاندۆستی دروست کردبێت لەبەرامبەر ئەو پاڵەوانو کەسایەتیانەی کە ژیان ناشیرینو ڤێزەون دەکەن. لە ڕۆمانی (ئۆلیڤەر تویست)دا خوێنەر هەست بەو ململانێیە دەکات لەنێوان ئەو کەسایەتیانەی کە دەیانەوێت ژیانی مرۆڤ بەرەو هەڵدێرو نەهامەتیو چەرمەسەری بەرنو ئەو کەسایەتیانەی یارمەتی مرۆڤی بەدبەختو لێقەوماو دەدەن، بۆیە دەبینین لە دواجاردا کەسایەتییە ناشیرینەکان ژێردەکەونو کەسایەتییە میهرەبانو مرۆڤدۆستەکان سەردەکەون، ئەویش بەهۆی ئاشکرابوونی ئەو باندەی کە دزیو چەتەیی دەکرد. لە ڕۆمانی (ئۆلیڤەر تویست)دا، چارلز دیکنز گەمە بە چارەنووسی چەند کەسایەتییەکی جیاواز دەکاتو ڕووداوەکان بەسەر ئەو کەسایەتییە سەرەکیانەدا بەش دەکات.

١- **(ئۆلیڤەر تویست)**: منداڵێکی هەتیوەو خانەوادەیەکی نەناسراوی هەیە، لە کاتی لەدایك بوونی ئۆلیڤەردا دایکی دەمرێت، ئیتر بێکەسو بێ سەرپەرشتیار دەمێنێتەوە، بۆ ماوەی ٩ ساڵ دەبرێتە دایەنگایەكو لەژێر چەپۆکی بەخێوکەرێکی بێ ڕەحمو بێ بەزەییدا ژیان بەسەردەبات، پاشان دەبرێتە خەڵوەتگەو لەگەڵ چەند بێ سەرپەرشتێکی دیکەی وەك خۆیدا ژیانێکی کولەمەرگیو پڕ لە ئازارو برسیەتی بەسەر دەباتو بەدوای ژیانێکی باشترو گەنجاوتردا دەگەڕێت، بەڵام دواجار دەکەوێتە دەست باندێکی دزو چەتەو ڕێگرو بۆ مەرامە گلاّوە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن، چونکە هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ئۆلیڤەر تویست شێوەو ڕوخسارێکی جوانو میهرەبانی هەیە، بەشێوەیەك کە کەس باوەڕ ناکات ئەم منداڵە دزیو چەتەیی بکات. نەهامەتییەکانی ئەم منداڵە لە ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە دەستپێدەکاتو بە کۆمەڵێك قۆناغی سەختی ژیاندا تێدەپەڕێت، ئەگەرچی خۆی پێی خۆش نییە لەگەڵ ئەم باندە دزو چەتەیەدا بژیو ئەم کارە خراپانە بکات، بەڵام قەدەری ژیان وایلێدەکات. دواتریش ئۆلیڤەر دەکەوێتە دەست خێزانێکی میهرەبانو بەبەزەییو لەوێوە ژیانێکی نوێ بۆ ئۆلیڤەر دەستپێدەکاتو چرای ژیانی دادەگیرسێت.

٢- **(کیڤن)**: پیاوێکی جولەکەیەو سەرۆکی باندی دزەکانە، کوڕو کچی هەرزەکارو مێرمنداڵ دێنێتو هانیان دەدات کە دزیو چەتەیی بۆ بکەن. کیڤن لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی کەسایەتییەکی نائینسانی دەبینێتو گەنجان بۆ ویستە خراپەکانی خۆی بەکاردەهێنێت. ئەم پیاوە لە شوێنێکی لاچەپو ترسناکدا دەژی، لەگەڵ ئەوەشدا کە مێرمنداڵان فێری دزیو چەتەیی دەکاتو ڕەوشتی خراپ بڵاودەکاتەوە، خۆی کەسێکی ترسنۆكو ڕەزیلەو پارە پەرستە.

٣- **(جاك)**: یەکێکە لە قوتابییە زیرەکەکانی کیڤنو وێڕای ئەوەی بە تەمەن منداڵە، بەڵام وەك مرۆڤێکی گەورە مامەڵە دەکاتو وا خۆی نیشان دەدات کە کەسێکی گەورەو بەتوانایە. هەروەها لە دزیو چەتەیی کردندا ئەزموونێکی زۆری هەیە. سەرەتای ناساندنی کیڤنو باندی دزیەکە لەڕێگەی جاکەوەیە، کە لە ڕۆمانەکە بە کەسێکی فێڵباز گێچەڵچی ناوزەدی دەکات.

٤- **(مستەر برانلۆ)**: لەناو ئەو هەموو کەسایەتییە جیاوازانەدا پانتاییەکی باشی لە ڕۆمانەکەدا هەیەو مرۆڤێکی بەهەڵوێستو میهرەبانو بەبەزەییە، کە دواجار ئۆلیڤەر لای خۆی گلدەداتەوەو بەخێوی دەکات. مستەر برانلۆ لەگەڵ ئەو پیرەژنەی کە لە ماڵەکەی دایە کار لەسەر ئەوە دەکەن ژیانی ئاسایی بۆ ئۆلیڤەر بگەڕێننەوەو لەو دۆزەخی کە دوچاری هاتووەو چەندین ساڵ بووە تێیدا ژیاوە دەربازی دەکەن.

بەگشتی ئەم ڕۆمانە دابەش کراوە بەسەر دوو پانتایی سەرەکیدا.

- **دیوە ناشیرینەکەی ژیان (کە مرۆڤی خراپەکار خوڵقاندویەتی)**: کە کۆمەڵە کەسو باندێك سەر لە مرۆڤ و مێرمنداڵەکان دەشێوێننو منداڵان بە لاڕێو کاری خراپدا دەبەن.

- **دیوە جوانەکەی ژیان (کە دیوە ڕاستەقینەکەی ژیانە)**: لایەنە ئینسانیو ژیاندۆستییەکەیە کە ئەو مرۆڤانە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان ژیان بە جوانیو نەمری بمێننەوەو مرۆڤەکان خۆشبەختو ئازادو سەربەست بژین.

# لەئەفغانستان ئەفیون دەدەن بە منداڵانی سەر بێشکە

باوکی ژیلا

لەناو تۆزو خۆڵی بەرهەیوانی خانووێکی قوڕ، شەش ئەفغانی بەهاوکاری منداڵەکانیان خەریکی چنینی فەرشن لەکاتێکدا منداڵە ساواکانیان بەهۆی برێك ئەفیونەوە وێڕای غەڵبەغەڵبی دەوروبەریان لەخەوێکی قوڵدان... نەزیرەی تەمەن( ٢٨) ساڵانو کرێکاری فەرش چنین دەڵێت" شتێکی ئاساییە کە برێك ئەفیون بدەینە منداڵە ساواکانمان بۆ ئەوەی لەکاتی کارکردن بێزارمان نەکەن" ژنانی ئەفغانستان بەدرێژایی رۆژ خەریکی کاری فەرش چنینن کە بە داهاتی سەرەکی دابین کردنی بژێوی ژیانی زۆرینەی زۆری خانەوادەکان دێت لە هەرێمی دەوڵەت ئابادی ویلایەتی بەڵخی ئەفغانی کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکمانستانو ئۆزبەکستان.

ئەو ژنانە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان پێویستیان بەهێمنیو ئارامی هەیە بەدوور لەبەخێوکردنی منداڵە ساواکانیان، بۆ ئەوەی فەرشەکەیان تەواو بکەن کە ماوەی چوار مانگی پێدەچێتو بڕی ئەو شەش سەد دۆلارەش لەنێوان خۆیان بەش بکەن کە نرخەکەیەتی. ئەو مادده بێهۆشکەرەی لەسەر بێشکەوە دەیدەن بەو منداڵانە دەبێتە هۆی ئاڵودەبون(مدمن). لە باکووری ئەفغاناستان ژمارەی ئاڵودەبووان بە نزیکەی(٥١)هەزار دەژمێردرێنو ئەفغانستان بە بەرهەمهێنەری سەرەکی ئەفیون دەژمێردرێ لە جیهانداو ئەفیونیش بۆ دروستکردنی هیرۆین سوودی لیوەردەگیرێ.

هەر چەند لەئێستادا رێژەی ئاڵودەبووانو مەیخۆران لەئەفغاستان ٤٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن هەروەك نەتەوە یەکگرتوەکان دووپاتی دەکاتەوە، بەڵام پسپۆڕان لەزیادبونی ئەم رێژەیە ترسیان هەیە. عەکا مراد مێردی یەکێك لە کرێکارە ژنەکان دەڵێت کە خێزانەکەیو دایکی فەرش دەچننو بۆ ئەم مەبەستەش ئەفیون دەدەنە منداڵەکەیان، هەروەها عەکا کە ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە چل ساڵ، دەگێڕێتەوەو دەڵێت" کاتێك منداڵ بووم دایکم ئەفیونی پێمدەدا، کە گەیشتمە تەمەنی دووساڵی خواردنی ئەفیون ئاسایی بوو لەلام"و دەڵێت" ئەگەر رۆژانە دووجار نەیخۆم هەست بەئازار دەکەم لە هەموو جەستەمو شێت دەبم".

مراد دەڵێت کە نیوەی ئەو مووچە کەمەی وەریدەگرێت لەکڕینی ئەفیون بۆ خۆیو منداڵەکانی خەرجی دەکات. هەروەها دەڵێت"رۆژانە ٣٠٠ ئەفغانی(٦) دۆلار لەکڕینی ئەفیون خەرج دەکەم".

بەڵام هەروەك نەزیرە دەڵێت "ئەگەر دایەنگا هەبووایە دەکرا ئەو گرفتە چارەسەر کرابایەو کەسوکاریان منداڵەکانیان لەوێ جێهێشتبایە لەکاتی کارکردنیاندا" هەرچەندە لەمەزار شەریفی پایتەختی بەڵخ دایەنگا هەیە، بەڵام پەنجا کیلۆمەتر لە ئەوانەوە دوورە. نەزیرە دەڵێت" ئەگەر ئەو دایەنگانە لێرە هەبان، ئەفیونمان نەدەدا بەمنداڵەکانمانو پارەمان لەکڕینی خەرج نەدەکرد" هەروەها دەڵێت" چاوەڕوانین ئەو داوایەمان بۆ بێننە دی" حکومەتی ئەفغانستان دەڵێت کە هەستیان بەو کێشەیە کردووەو فەوزیە حەمیدی دەڵێت" بەنیازین لە چوار ویلایەت دایەنگا بکەینەوە کە دەولەت ئاباد یەکێکیانە".

هەموو ئەو هەوڵانەی حکومەتی ئەفغانی بە پشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ بنەبڕکردنی چاندنی ئەفیون لەو وڵاتە رووبەڕووی شکست بوونەتەوەو رێژەی بەرهەمهێنانی لەم ساڵدا بە رێژەی ٣٤٪ زیادی کردووەو گەیشتووە بە(٨٢٠٠)تەن بە پێی دواین راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە ویلایەتی بەڵخ (ئازاد)بووە لەچاندنی ئەفیون هاوشانی سیانزە ویلایەتی دیکە.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت کە نرخی ئەفیون بەراددەیەکی زۆر دابەزیوە بەهۆی زۆری بەرهەمو چاندنیەوە بەرێژەیەکی زۆر. بەڵام ئەو نرخانەش لەکۆتایی ئەو ماوەیەدا جارێکی دیکە بەرزبوونەتەوە بەهۆی ئەو هەڵمەتەی حکومەتی ئەفغانیو لەو دواییانەدا نرخی یەك کیلۆ گەیشتەوە (٢٥٠٠)ئەفغانی (٥٠)دۆلار.

شایر مردان کە جوتیاری ئەفیونە دەڵێت"دووساڵ لەمەوپێش هەموو کەس بەشی خۆی ئەفیونی دەچاندو نرخی زۆر شکابوو، بەڵام بەم دواییانە نرخەکەی بەرزبۆتەوەو بەئاسانی دەستمان ناکەوێت".

⋆ سەرچاوە ئینتەرنێت.



ئەو گوڵەی ئەفیونو هیرۆینی لێ بەرهەمدێنن

# یۆگای تەمەن درێژیو گەنج بوونەوە

ئامادەکردنی: محەمەد ڕەسوڵ

**بەشی یەکەم**

**سیستەمە جۆراوجۆرەکانی یۆگا:**

مامۆستاو دانایانی فەلسەفەی یۆگا ئەم فەلسەفەیان بۆ شەش سیستەم دابەشکردووە، ئەم شەش سیستەمە لەو بۆچوونانە وەرگیراوە کە پێیان وایە بەشێوەیەکی سەرەکی شەش هێز لەخودی



وێنەی ژمارە (S-1).

ئادەمیزاددا هەن، کە ئەمانەش سیستەمەکانن:-

١- جنانا یۆگ: هۆش پێدەگەیەنێتو گەشەی پێدەکات.

٢- کارما یۆگ: چالاکیەکانی مرۆڤ پتر دەکاتو بەزیندوویی دەیهێڵێتەوە.

٣- بهاکتی یۆگ: کۆنترۆڵی هەڵچوونەکان دەکات.

٤- مانترا یۆگ: توانا ڕووحیەکان بەهێزو چالاك دەکات.

٥- ڕاجا یۆگ: توانای تەمەرکزو گورزەبوونی بیر پتر دەکات.

٦- هاتا یۆگ: لەڕێگەی هاتایۆگەوە کۆنترۆڵی تەواوی جەستە دەکرێت.

لەشەش سیستەمە سەرەکیەکەی فەلسەفەی یۆگا چوار سیستەمی یەکەمیان واتە ( جنانایۆگ، کارمایۆگ، بهاکتی یۆگ ، مانترا یۆگ ) ئەم چوار سیستەمە جۆرە ڕەوشێکن کە زیاتر پەیوەندیان بە ئاینی یۆگاوە هەیە وەك (باوەڕێکی مەزهەبی) بۆیە ئێمە لەو بابەتانە نادوێینو جێگەی مەبەستی ئێمە نیە، چونکە هەر مرۆڤەو لەڕوانگەی ئایینو ئایدۆلۆژیای خۆیەوە سەیری ئەم چوار سیستەمە دەکاتو چۆنیەتی خوێندنەوەیان بۆ ژیانو کارو خواپەرستیو باوەڕەکانیان لە قوتابخانەو مەزهەبو باوەڕە ئاینەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم نووسینەی ئێمە باس لە باوەڕو چۆنیەتی ئاینی یۆگی ناکات بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە دەربارەی بدوێین هەردوو سیستەمی (هاتایۆگو ڕاجایۆگ)ـە چونکە مرۆڤ هەر مەزهەبو قەناعەتێکی هەبێت دەتوانێت لەم دوو ڕەوشە سوودمەند بێت ئەنجامیان بدات نەك کاریگەری نەرێنی بۆسەر باوەڕو قەناعەت نابێ بەڵکو کەسایەتیو توانای بەشێوەیەك بەهێز دەکات

کە کاریگەری ئەرێنی بەرزی بۆ کەسایەتیو باوەڕو بۆچوونەکانی دەبێتو هیچ دژایەتیو پێچەوانەی لەگەڵ هیچ بیروباوەڕێکدا نیە بەڵکو کەسایەتیو باوەڕی ئەو مرۆڤە جێگیرو بەهێز دەکات. ئەم دوو سیستەمە لە سیستەمە هەرە بنەڕەتیەکانی فەلسەفەی (یۆگا)ن کە هەوڵدەدەین لەم زنجیرە نووسینەماندا بەفراوانیو بەشێوەیەکی ئاسانو بەوێنەی کرداریەوە دەربارەی (هاتایۆگ)و چۆنیەتی ئەنجامدانی مەشقەکانیو سوودەکانیانو کاریگەریان بۆسەر هەر ئەندامێك بەشێوەیەك ڕوون بکەینەوە کە خوێنەری ئاسایی بتوانێ لێی سوودمەند بێتو لەسەر وێنەکانو ڕوونکردنەوەکان هەنگاو بە هەنگاو مەشقەکان ئەنجام بدا.

دەربارەی سیستەمەکەی دی کە (ڕاجا یۆگ )ـە سیستەمێکی زۆر بەرزو گرنگەو ئاسانترینو نزیکترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە هێزە لەڕادەبەدەرەکان هیوادارین هەر لەم زنجیرە نووسینەماندا بەشێوەیەکی فراوانو ئاسان بتوانین دڵو دیدی خوێنەرانو ئارەزوومەندانی ئەم هونەرەی پێ خۆشو ڕۆشن بکەینەوە.

کۆمەڵێك تێبینی گرنگ کە پێویستە پێش ئەنجامدانی هەر ڕاهێنانێکی یۆگا لەبیرمان بنو ڕەچاویان بکەین:-

١- هەموو مەشقە جۆراوجۆرەکانی یۆگا وەك یەك سیستەمی وەرزشی جەستەییو ڕوحی بۆ دروستیو جەستەو ڕوح بناسنو ئەنجامیان بدەن نەك هەندێکی بە پێویست بزانن‌و هەندێکی پشتگوێ بخەن.

٢- لەئەنجامدانی مەشقەکاندا نابێت فشار لە جەستەتان بکەن بەڵکو دەبێت قۆناغ بە قۆناغ بە حەوسەلەوە هەنگاو بنێن.

٣- کاتی ڕاهێنانەکان دەبێ جلو بەرگی فراوانو نەرم بپۆشن.

٤- نابێ پەلە لە ئەنجامدانیان بکرێ بەڵکو دەبێت بەهێمنیو تەرکیزەوە ئەنجام بدرێن.

٥- چاوەڕێمەبن بە ئەنجامدانی چەند ڕاهێنانێك موعجیزە ئاسا نەخۆشیەکانت چاك ببن، بەڵکو بە بەرەو پێشچوونت لە ڕاهێنانەکاندا جەستەیەکی بەهێزو خاوەن بەرگری تەندروستت بۆ فەراهەم دەبێت.

٦- باشترین کات بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانت (بەیانیان، نیوەڕۆیان، ئێواران) پێش نانخواردنە، واتە (٣٠) خولەك پێش نانخواردن تۆ دواڕاهێنان (ئاسانا)ت تەواو کردبێ.

٧- بۆ بەهێزبوونی تەرکیزی فکر سوودمەندبوون لەڕووی ڕوحیەوە پێویستە



وێنەی ژمارە (S-4).



وێنەی ژمارە (S-3).

لەکاتی ڕاهێنانەکاندا گوێ بەهیچ دەنگو ئاوازێك نەدەیو خۆت لە پەرشو بڵاوی زەین بپارێزی، واتە لەپێش دەست کردن بەمەشقەکان لە زەینی خۆتدا چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕاهێنانەکە وێنا بکەیو چوارچێوەی ماددیو کاتی خۆی هەبێت.

وەرزشە جەستەییەکانی فەلسەفەی یۆگا (ئاسانا)کان یان مەشقەکردارییەکانی یۆگا(هاتا یۆگا)

⋆ سوریانا ماسکار ( سڵاوی خۆر)؛ جوڵە یەك لەدوای یەکەکانی سڵاوی خۆر (دوازدە) جوڵەن (شێوازن) کە لە جوڵە گرنگەکانی یۆگان، ئەم جوڵانە واباشترە لەپێش مەشقە کردارییەکان (ئاسانا)کان ئەنجام بدرێن تاکو جەستە بۆ جوڵەکانی دی نەرمو ئامادە بێت، ئەوەی جێگای باسەو پێویستە فێرخواز بیزانێت کە ئەم جوڵانە لیك دانەبڕاون واتە وەك یەك مەشق وان وەستان یان بۆشایی کات ناکەوێتە نێوانیان وەك لە خوارەوە بە وێنەوە نیشانیان دەدەین:-

١- بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێك دەوەستی، پێیەکانت با کەمێك لە یەکتریەوە دوور بنو دەستەکانت شێوەی سڵاوی هیندیەکان وەردەگرن بە هەڵکێشانو دانەوەی چەند هەناسەیەکی قوڵ جەستەتان خاو دەکەنەوە ( بیرتان چڕ دەکەنەوە ئامادەی جوڵەی دوای ئەون) وەك وێنەی ژمارە (S-1).

٢- هەر بەو شێوە وەستاویەی یەکەم شوێنی قاچەکانت ناگۆڕیو دەستەکانت بۆ سەرەوە بەرز دەکەیەوەو جەستەتان بۆ پێشەوە بچەمێنەوەو سەیری سەرووی خۆتان بکەن وەك لە وێنەی ژمارە (S -2) .

٣- پێیەکانت لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن بەئارامی بەروە پێشەوە جەستەت بچەمێنەوەو لەکاتی چەماندنەوەی جەستەتدا بە هێمنی هەناسە دەربکە، تادەتوانی سینگو دەمو چاوت لە ئەژنۆکانت نزیك بکەوە، هەوڵبدە لەپی دەستت لە زەوی بدەی، نابێ ئەژنۆکانت بچەمێننەوە وەك وێنەی (S-3 )

٤- پێی چەپت لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو پێی ڕاستت بۆ پێشەوە بێنەو لە ئەژنۆوە بینوشتێنەوە بەشێوەیەك کە زۆرترین کێشی جەستەت بخەرە سەر قاچی ڕاستت، دەستی چەپت بە گۆشەی (٤٥) لەگەڵ ئاسۆدا بەرێکی جەستەت بەرز دەکەیەوەو لەپی دەستی ڕاستت لەسەر زەوی لە تەنیشت پێی ڕاستت دادەنێیو سەرت بەرز دەکەیەوەو سەیری ئاسمان دەکەی، وەك وێنەی (S-4 ).



وێنەی ژمارە (S-2).

## گۆڵكەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی قەڵادزێی كۆن مامۆستا سابیر

# بەداخەوە ڕاگەیاندن لە ئاست یاریزانە دێرینەكاندا وەكو پێویست نەبووە

دیمانە عەبدولڕەحمان ئەحمەد

گۆڵكردن هونەرێكە لە هەموو یاریزانێكی تۆپی پێدا نیە بەڵكو تەنها ئەو یاریزانانە توانای گۆڵكردنیان هەیە كە تەنها كاریان گۆڵكردنە بۆ تیپەكانیان، جا بۆ ئەوەی تیپەكان بتوانن بردنەوەكان دەستەبەر بكەن پێویستیان بە یاریزانی گۆڵكەر هەیە، (مامۆستا سابیر) سەردەمێك گۆڵكەرێكی لێهاتوو زیرەكی هەڵبژاردەی قەڵادزێ‌و تیپی لاوان بوو، ئەو كەم تیپ هەیە كە ڕووبەڕوویان بوبێتەوەو تۆڕی گۆڵەكەیانی نەهەژاندبێت ..... زۆر دەمێك بوو دەمویست لە نزیكەوە لە ڕێی دیمانەیەكدا ئەم یاریزانە گۆڵكەرەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی كۆنی قەڵادزێ بەسەر بكەمەوە وا بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤارەكەمان ئەم دیدارەمان سازداو بەچەند پرسیارێكی تایبەت گفتوگۆكانمان گەرم كردو ئەویش زۆر ڕاشكاوانە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە بەم شێوەیە.

زنار: سەرەتا وەك هەمیشه با بەپرسیاری ناساندنی مامۆستا سابیر دەست پێبكەین.

مامۆستا سابیر: ناوم (سابیر ڕەفیق صالح)ەو لەداكبووی شاری قەڵادزێی ساڵی (١٩٦٣) م دەرچووی خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی ساڵی (١٩٨١-١٩٨٢)و خێزاندارم‌و دوو منداڵم هەیە بەناوەكانی (سان‌و ساڤۆ)و ئێستاش مامۆستام لە قوتابخانەی قەڵادزێی سەرەتایی.

زنار: با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاكانی تێكەڵاو بوونت بە وەرزش كەی بوو.

مامۆستا سابیر: سەرەتا وەك هەموو وەرزشكارێك هەر لە منداڵیەوە لە چالاكی قوتابخانەكان‌و تیپەكانی قوتابخانەدا دەستمپێكردووە لە قوتابخانەی ئاسۆسی سەرەتایی بەشداری چالاكی قوتابخانەكانم كردووە كە بەڕێز (مامۆستا سەلام) كە خەڵكی سلێمانی بوو سەرپەرشتی دەكردین، دواتر بۆ تیپە میللیەكان‌و هەڵبژاردەی قەڵادزێ یاریكردووە.

زنار: ئەو تیپانەی كە یاریت بۆ كردوون.

مامۆستا سابیر: سەرەتا لە ساڵی (١٩٧٥) لە تیپی (ئاسۆس ) دەستم بە یاریكردن كردووەو دواتر بۆ هەریەك لە تیپەكانی (ڕۆژهەڵات‌و لاوان‌و هەڵبژاردەی قەڵادزێ‌و



مامۆستا سابیر لەگەڵ هەڵبژاردەی قەڵادزێ ( ١٩٨٧ ) یەكەمی دانیشتووی لای چەپ



مامۆستا سابیر لەگەڵ هەڵبژاردەی قەلادزێ ( ١٩٨٥ ) یەکەمی وەستاوی لای ڕاست

شەیدای ئیسکانی سلێمانیو هەڵمەتی هەولێر) یاریم کردووە جگە لە تیپەکانی قوناغی خوێندن.

زنار: لە ژیانی وەرزشیتدا خۆت بە قەرزداری کێ دەزانی.

مامۆستا سابیر: خۆم بە قەرزداری هەموو ئەو کەسانە دەزانم کە یاریمەتیدەرم بوون لە بواری وەرزشیدا چ وەك ڕاهێنەر چ وەك هاندان بە تایبەتی دەمەوێ لێرەوە زۆر سوپاسی کاك ( فەرەیدون حەسەن سەعید) بکەم.

زنار: دەڵێن سەردەمی هەشتاکان سەردەمی زێڕینی تۆپی پێی قەلادزێ بووە ... تۆ دەڵێی چی.

مامۆستا سابیر: بێگومان سەردەمی هەشتاکان بە سەردەمی زێڕینی تۆپی پێ دادەنرێت لە قەلادزێ، بەڕای من لەو سەردەمەدا وەرزشی شاری قەلادزێ لە هەردوو یاری تۆپی پێو باڵەدا زۆر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لەهەمووشیان گرنگتر بەدەستهێنانی خولی قەزاکان بوو کە لە ڕانیە کراو ئێمە یەکەم بووین کە هەڵبژاردەکانی ( ڕانیەو قەلادزێو کۆیە و چەمچەماڵ) بەشداربوون، ئەو کاتە جەماوەرێکی وەرزشی زۆر پاڵپشتو هاندەری وەرزش بوون لەم شارەدا کە ئەمەشیان فاکتەرێکی باش بوو بۆ پێشکەوتنی وەرزش.

زنار: پێت وایە ڕاگەیاندن لە ئاست یاریزانە دێرینەکاندا وەك پێویست بووە.

مامۆستا سابیر: نەخێر بەداخەوە لە بەرامبەر یاریزانە دێرینەکاندا ڕاگەیاندن وەکو پێویست نەبووە بە تایبەتی لە شارەکەماندا کە ئێستا تەنها بەڕێزت ماوەیەکە خەریکی ئەم کارەیتو بۆیە زۆر دەستخۆشیت لێدەکەمو هیوادارم بەردەوام بیت لەسەر ئەم کارە پیرۆزەت کە خزمەت بە یاریزانە دێرینەکان دەکات.

زنار: بەڕای تۆ چی بۆ یاریزانە دێرینەکان بکرێت.

مامۆسا سابیر: هەرچی بکرێت بۆ یاریزانە دێرینەکان هێشتا هەر کەمەو هەرچەندە تا ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە چونکە سەردەمێك ئەو یاریزانانە لە بوارەکەیاندا خزمەتێکیان بە شارەکەیان کردووە.

زنار: تۆ لە دامەزرێنەرانی یانەی وەرزش قەلادزێیت.

مامۆستا سابیر: بەڵێ من لە دەستەی دامەزرێنەری یانەی وەرزشی قەلادزێ بووم کە لەدوای ڕاپەڕین بەهەوڵو کۆششی کۆمەڵێك یاریزانی قەلادزێ ئەم یانەیە دروست بوو مۆڵەتی ڕەسمی لە وەزارەتی ناوخۆوە وەرگرت.

زنار: تۆ بە گۆڵکەری سەردەمی خۆت دادەنرێیت لە قەلادزێ.

مامۆستا سابیر: بەڵێ من زوربەی گۆڵەکانی هەلیژاردەی قەلادزێو تیپی لاوانم تۆمار دەکرد ئەمەش زیاتر بە هاوکاری هاوڕێکانم بوو بە تایبەتی کاك ( ڕێبوار محەمەد یوسف).

زنار: جوانترین گۆڵ کە تۆمارت کردبێت.

مامۆستا سابیر: بەڕاستی هەر یاریزانێك کە گۆڵ تۆمار دەکات شانازی پێوەدەکات بە گۆڵەکانی، منیش لە یاریدا گۆڵم زۆر تۆمار کردووە چونکە من هێرشبەر بووم لە هەموو ئەو تیپانەی کە یاریم بۆ کردوون، جوانترین گۆڵیش کە تۆمارم کردووە ئەو گۆڵە بوو کە ساڵی (١٩٨٦) لە یانەی وەرزشی (وەتەن) ی سلێمانیم کرد.

زنار: گۆڵێك کە هیوات دەخواست تۆ تۆمارت بکردایە.

مامۆستا سابیر: ئەو گۆڵەی کە هاوڕێو برام ( ڕێبوار محەمەد یوسف) بە شێوازی (دەبڵ) هەڵگەڕانەوە لە تیپی (سەیوان)ی سلێمانی تۆماری کرد.

زنار: گرنگترین گۆڵ کە تۆمارت کردبێت.

مامۆستا سابیر: لە یاریەکدا کە لە نێوان تیپی (سیروان)ی قەلادزێو تیپی (سەیوان) ی سلێمانی دا کرا لە قەلادزێ، لە گێمی یەکەمدا تیپەکەی سلێمانی دوو گۆڵی تۆمار کرد بەڵام لەسەر داوای خەمخۆرانو دۆستانی وەرزشی شارەکەمان منو چەند یاریزانێکی تر لە گێمی دووەمدا بۆ تیپی سیروان یاریمان کردو تەنها لەماوەی (١٥)



مامۆستا سابیر وەك ڕاهێنەری یانەی قەڵادزێ ( ١٩٩٧ )

خولەکدا هەردوو گۆڵەگەمان کردەوە کە یەکەمیان کاك ڕێبوارو دووەمیان من تۆمارم کرد کە بە گرنگترین گۆڵی دادەنێم کە تۆمارم کردووە چونکە جەماوەر چاوەڕێی گۆڵەکەی دەکردو دوای ئەمەش تیپەکەی سلێمانی یاریگایان جێ هێشت.

زنار: زۆرترین گۆڵ کە تۆمارت کردبێت.

مامۆستا سابیر: ساڵی (١٩٨٥) لە یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی (قەڵادزێ و چوارقورنە) دا کە لە یاریگای قەڵادزێ کرا یاریەکەمان بردەوە بە ئەنجامی ( ١٤ × ١) گۆڵ و من بەتەنها ( ٧) گۆڵم کرد.

زنار: دەڵێن لە لێدانی پەنالتی دەترسایت.

مامۆستا سابیر: بەڵێ چونکە هەندێ جار چارەنووسی تیپو شارەکەتی پێوە بەندە.

زنار: ئەرکی ڕاهێنانت گرتۆتە ئەستۆ.

مامۆستا سابیر: بەڵێ لە نێوان ساڵی (١٩٩٥) تا (١٩٩٩) کاری ڕاهێنام کردووە بۆ تیپی لاوان و یانەی قەڵادزێ.

زنار: لە ناو یاریگادا لەگەڵ کام یاریزاندا ئاسوودە بوویت.

مامۆستا سابیر: لەگەڵ زۆربەی یاریزانەکانی تیپەکەمدا ئاسوودە بووم بە تایبەتی ( ڕێبوار محەمەد یوسف و د.شەپۆل و ڕزگار عوسمان ڕەشید).

زنار: یاری تۆپی پێ چی بە مامۆستا سابیر بەخشیوە.

مامۆستا سابیر: لە وەرزشدا ڕێزو خۆشەویستی جەماوەری وەرزشدۆستی شارە خۆشەویستەکەمی پێبەخشیوم.

زنار: جەماوەر لای تۆ چی دەگەیەنێت.

مامۆستا سابیر: بەڕای من نیوەی بردنەوەی هەر تیپێك دەگەڕێتەوە بۆ جەماوەر، بۆیە لای من پێویستیەکی گرنگەو پشتو پەنایە بۆ هەر تیپێك، هەر تیپێك جەماوەری نەبێت بێگومان سەرکەوتوو نابێت.

زنار: خەونێکی وەرزشی کە هاتبێتە دی.

مامۆستا سابیر: دروستبوونی یانەیەکی وەرزشی لە قەڵادزێ.

زنار: ئەی ئەو خەونەی کە ناهتۆتە دی.

مامۆستا سابیر: دروستکردنی یاریگایەکی نموونەیی لە شارەکەدا.

زنار: خەونی ئێستای مامۆستا سابیر

مامۆستا دروستبوونی هەڵبژاردەیەکی کوردستان کە لە بۆنەو پاڵەوانێتیەکاندا بەشداری بکات.

زنار: یاری تۆپی پێی قەڵادزێ لە ئەمڕۆدا چۆن دەبینیت.

مامۆستا سابیر: ئەوەندەی من ئاگادارم ئێستا باشترە لە (٥-٤) ساڵی ڕابردوو هیوادارم باشتر بێت

زنار: خۆشترین کاتی وەرزشیت.

مامۆستا سابیر: ئەو کاتەبوو کە توانیمان ببینە پاڵەوانی خولی قەزاکان و لە یاری کۆتایدا بە لێدانی پەنالتی لە هەڵبژاردەی ڕانیەمان بردەوە.

زنار: ئەی ناخۆشترین کاتی وەرزشی.

مامۆستا سابیر: ئەوەبوو کە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگەیان پێنەداین وەك تیپی لاوان کە بچین بۆ سەردەشت بۆ یاریکردن لە ساڵی ( ١٩٩٨).

زنار : هاندەری چ تیپێکیت.

مامۆستا سابیر: هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی (ڕیال مەدرید)م.

زنار: بەکام یاریزان سەرسام بوویت

مامۆستا سابیر: لە کۆندا بە مارادۆناو ئێستاش بە (ڕۆبینهۆ).

زنار: چەپکە گوڵی ڕێز پێشکەشی کێ دەکەیت

مامۆستا سابیر: پێشکەشی جەماوەری وەرزشی قەڵادزێ و هەموو ئەو کەسانەی دەکەم کە هەوڵ دەدەن بۆ برەودان بە وەرشی شارەکە.

زنار: لە کۆتایدا زۆر سوپاس بۆ مامۆستا سابیر بۆ ئەم دیدارە.

مامۆستا سابیر: زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم و هیوادارم سەرکەوتوو بن کە ئەمەش خزمەتێکە بە وەرزشی دەڤەرەکە.

# لە جیهانی کاریکاتێرەوە








# شارۆن ستۆن سێ ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە



لەپەراوێزی فیستڤالی دوبەی سینەمایی ئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیوۆد (شارون ستون)چەند کەلو پەلێکی تایبەتی خۆی لە مەزادێکی خێرخوازیدا لەژێر دروشمی" سینەما لە دژی ئایدز" فرۆشت، ستوون گووتی"ئێمە وەکو هونەرمەند دڵخۆشین بەوەی کەبزانین لە کۆمەڵگای سینەمادا یەکگرتووین بۆ ئەوەی کار بۆ لەناوبردنی ئایدز بکەین، پێش ئاهەنگەکە پێموابوو ملیۆنێك کۆدەکەمەوە، بەلام سێ ملیۆنم کۆکردەوە بە هۆی دڵە بەرەحمەکانەوە، بۆیە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم هیوایەکیان بە نەخۆشانی ئایدز بەخشی".



# کیدمان کڵێسا تورە دەکات

فلیمە تازەکەی نیکۆڵ کیدمان هاوشێوەی هەردوو فلیم(کۆدی داڤینشی)و(هاری پۆتەر)هەڵایەکی لەناو کلیسا ناوەتەوە بە بیانووی ئەوەی کە هەڵگری پەیامێکی دژ بەکڵێسایە، ئەو فلیمە تازەیە بەناوی (قیبلەنومای ئاڵتوونی)ـە، و چیرۆکەکەی باس لە ماجەراجۆیی کچێکی بچکۆلە دەکات لە دنیای دابەشبوو بەسەر خێرو شەردا.

# ئەنجیلینا سیخوڕە



لە هەواڵێك كە گۆڤاری فارایتی ئەلیكترۆنی بلاویكردەوە، ئەنجیلینا جولی ئەستێرەی سینەمایی هۆلیوّد بۆ جارێكی دیكە گەڕایەوە نواندنی رۆڵی سیخوڕی دوای ئەوەی لە فلیمی (شوانە باشەكە)دا رۆڵی خێزانی هونەرمەند مات دیلۆنی بینی، ئەوەی شایانی باسە ئەنجیلینا لەو فلیمەدا رۆڵی سیخوڕێكی راستەقینە بەناوی (كاتی لین ئۆستن)دەبینێ، لەساڵی ٢٠٠٤ ئۆستن یەكێك بوو لەو چاودێرانەی نەتەوە یەكگرتووەكان هەڵیبژاردبوو بۆ چاودێریكردنی هاتنی چەك بۆ میلیشیاكانی كۆماری كۆنغۆ.

# لیۆناردۆ دی كابریۆ و فلیمێكی نوێ



لە فلیمێكی تازەیدا (لیۆناردۆ دی كابریۆ) هەردوو ئەكتەری بەناوبانگی سینەمای ئەمریكی( بین كینگسلی)و( مارك رافالۆ)ی بەیەكەوە كۆكردەوە، لەو فلیمەدا كە ناوی( شاتر ئیسلەند)ە، لیۆناردۆ رۆڵی مارشاڵێكی ئەمریكی دەبینێ لیكۆڵینەوە لەسەر وون بوونی نەخۆشێك دەكات كە تووشی تێكچوونی ئەقڵ بووە، رووداوەكانی ئەم فلیمە بۆ ساڵانی پەنجاكان دەگەڕێتەوە.

ئا: ژیاکۆ

# کۆمپیوتەری گیرفان




لەم ساڵانەی دواییدا جۆرێك ئامێری کۆمپیوتەر لە جیهاندا بڵاوبۆوە کە بە کۆمپیوتەری گیرفان یاخود کۆمپیوتەری ناولەپ ناسراوە ﴿ڕاستەوخۆ لە ناوەئینگلیزیەکەیەوە وەرگێردراوە کە( palm computer)﴾ هەندێك لەو ئامێرانە کارپێکەرەکەی دەتوانێ بەهۆیەوە لە ئینتەرنێت سوودمەند بێت، بەڵام شێوازی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە لەگەڵ کۆمپیوتەرە ئاساییەکانی دیکە جیاوازەو سیستمی کارکردنی بەجۆرێکی دیکەیە.

بۆ ئەوەی سوود لە ئینتەرنێت ببینی دەبێت ئامێرەکەت پەیوەست بکەی بەو تۆڕەوە لەڕێگای مۆدیمو هێڵی تەلەفۆنی زەمینی یاخود مۆبایل، بەڵام زۆربەی بەکارهێنەرانی لە ئێستادا لەڕێگای پەیوەندیەوە ئەو زانیاریانە رادەکێشنو ناوەرۆکەکەی دەخوێننەوە. ئەو گرفتەی کە تا ئێستا لەو کۆمپیتەرانەدا هەیە تەنها بەزمانی ئینگلیزیەو نەتوانراوە زمانەکانی دیکە بۆ سیستمی کارپێکردنی زیادبکرێت.

### سیستمی Palm OS

ئەو سیستەمە لەو کۆمپیتەرە گیرفانیانەدا بەکاردێت کە کۆمپانیاکانی پالم پیلوتو فیزۆرو سۆنی دروستیان دەکەن، هەروەها کۆمپانیای( IAI)جۆرێکی دیکەی لەو کۆمپیوتەرانە دروست کردەوە کە دەتوانرێت زمانی عەرەبی لەو کۆمپیوتەرانە بەکاربهێنرێت کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیانفرۆشێت. بەڵام گرفتی ئەو کۆمپیتەرانە ئەوەیە کە ناتوانی هەموو ماڵپەڕێك کە بتەوێ بکەیەوە، بەڵکو تەنها ئەو ماڵپەڕانە دەکاتەوە کە کۆمپانیاکە بۆندی لەگەڵ مۆرکردوون.

### سیستمی﴿ Windows CE﴾

هەندێك لەو کۆمپیتەرانەی گیرفان بەو سیستەمە کاردەکەنو تاکە زمانیش کە تا ئێستا لەو سیستەمەدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دایبەزاندووە تەنها ئنگلیزیەو ناتوانرێت بەهیچ زمانێکی دیکە سوود مەندبیت لێی لە قۆناغی ئێستادا.



# پرۆگرامــــــــــی Photodex ProShow Producer 3.2.2042
# تایبەت بۆ فلیمەكانــی




بۆ ئەوەی بتوانی بەباشترین شێوە مۆنتاژی فلیمی بووك گواستنەوەكەتان یاخود هی كەسێكتان بكەن پێویستیتان بەو بەرنامەیە دەبێت، بێگومان لەو بەرنامەیەدا باشترین كاریگەری و خۆشترین مۆزیك دەتوانی بۆ ئەو فلیمە دابنێی و بە باشترین شێوزا بیرازێنیتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەتوانی كە وێنەی فۆتۆگرافیەكانت لەو بەرنامەیەدا بە شێوەیەك دابەزێنی كە نمایشێكی سەرنج راكێشی وێنەكانتان ببینی و نزیكەی(٣٠٠)باكگراوندی خەیالی بۆ ئەو وێنانەی زیاد بكەی.

# بەرنامەی Internet Download Manager 5.11 Build 8 بۆ داونلۆدكردن

نوێترین و خێراترین و بەهێزترین بەڕێوەبەری داونلۆدكردن لەسەردەمی ئێستاماندا، ئەو نوسخە نوێیەی (mms)و خودانی خێراییەكی زۆرە كە دەگاتە(١٥٠kb) لەیەك چركەداو لەچەندین سێرڤەر لەیەك كاتدا. گرنگی ئەو بەرنامەیە لەوەدایە كە دوای بڕانی هێڵی ئینتەرنێتەكە یاخود پچڕانی كارەبا یاخود پەیدابوونی گرفت لە كۆمپیوتەرەكەت بە بەكارخستنەوەی كۆمپیوتەرەكەت كارەكەی خۆی درێژە پێدەدا تا داونلۆدەكە تەواو دەبێت.






# پرۆگرامــــــــی EVEREST
## Ultimate Edition

بە یەكێك لە پێشكەوتوترین پرۆگرامەكان دادەنرێت بۆ زانینی هەر زانیاریەك لەبارەی كۆمپیتەرەوە، ئەو بەرنامەیە تواناكی لەرادەبەدەری هەیە لە دەستنیشانكردنی تواناو چارەسەری ناوەندی زانیاریەكانی ناو كۆمپیوتەرەكەت كە پێیدەگووترێ intel,Amd و زانیاری تەواوت لەبارەی سیستمی ئاسایش و بەرنامەكانی كۆمپیوتەرەكەت بە خێراترین كات پێدەدات.

# یانزە نووکە بۆ کچەکانم



ڕێبوار محەمەد یوسف

چەند جارێک داوای چاوپێکەوتنی کرد بۆ ڕۆژنامەیەک لەبواری شعرەکانیدا تاکوو کەژاڵ ڕازی بوو، ئەو ڕۆژەی هات دەمەو عەسر بوو، چاوپێکەوتنەکە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند وەکوو ئەوەی لەگەڵ شاعیرێکی زۆر ناودارو بەسەلیقە گفتوگۆ بکاتو هەموو لایەنە باشو خراپەکانی شعرو ژیانی هاوسەری هەڵبداتەوەو ئەو بەهرەیەی کەژاڵ هەیەتیو تاکوو ئێستا لە نێوەندەی ئەدەبی کوردیدا ڕوخساری دەرنەکەوتووە ڕووی گەشی بەدەربخات، وەک ئەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە سەبقێکی ئەدەبی گرنگی دەست کەوتبێت؛ ئەو نەیدەزانی کەژاڵ شاعیرێکی نەخۆشو دەردەدارو ماندووە ڕۆژانە بەخەمو مەینەتیەکانی خۆیەوە سەرقاڵە.

چاوپێکەوتنی داماو دوور لەهەستو سۆزی شعر دەستی پێکرد، لەهەر پرسیارکردنێکدا کە بە لەقەلەق ئاراستەدەکرا وەڵامێکی پۆزەتیفو نەگەتیف دەدرایەوە. ڕۆژنامەنووسەکە کە ژنی نەهێناوەو ڕەنگە هەرگیز جەوێکی وای لەهیچ شوێنێک بۆ نەخوڵقابێت، ڕاشکاوانە گووتی: ئەم دیدارە دوو ڕۆژ دەخایەنێت چونکە سەلیقەی کەژاڵو تواناکانی لەڕادەبەدەرە، بۆیە دەکرێت ورد بدوێن تاکوو گفتوگۆکان بواری چڕوپڕ بەخۆیەوە دەگرێتو دەنگدانەوەیەکی گەورەش لەبواری شعرو ئەدەبدا بەدوای خۆیدا دەهێنێتو لەنێوەندی کوردیشدا دەبێتە یەکەم دیدار، ئەوەبوو بەو هۆیەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە کە تێگەیشتم هیچ لەبواری شعرو ئەدەب نازانێت پەردەی لەسەر نووسین دادایەوەو بەئێوارەیەکی گەرمو پەمەییو شەوێکی خۆش لەناو نوێنی پاکو خاوێندا کۆتایی بەیەکەم دانیشتن هێنا.

چەند ڕۆژێکی دی بەشی دووەمی چاوپێکەوتنکە هەر بەم شێوەیە دەمەو عەسر دەستی پێکردوو، کورتو پوخت وەڵامەکان دەدرانەوەو چەند جارێکیش هێرشی لاوەکی بۆسەر ژنە شاعیرە بەڕێزەکانو ڕۆژنامەنووسەکانی ئەوبوارە دەکرایە بنێشتە خۆشکەی ڕۆژنامەنووسو لەهەر قسەکردنو پێکەنینێکی دڵکراوەو هەستو هۆش لێبڕاو، کەژاڵ بەیەکێک لەدەنگە ناسکو بوێرو ئازاو چاونەترسەکانی ئەم سەردەمە دەخەملێنرا.

لەوکاتەدا هاوڕێیەکی (نامرێو نواڵە) زەنگی لێداو داوای ژمارەی مۆبایلەکەیانی لێکردم منیش بەرووی خۆشەوەو دوای چەند جار دوبارەکردنەوەی ژمارەکەیانم پێدا، من نەمزانی ئەم ڕۆژنامەنووسە لەجیاتی وەڵامدانەوە ژمارەی مۆبایلەکەیان لەوەرەقەیەک دەنوسێتو دوای دوو ڕۆژ (١١) نووکە بۆ ئەم دووکچە کە تەمەنیان لەنێوان١٤بۆ ١٥ساڵیدایە دەکات. ئەوانیش ژمارەکەی دەزانن وەڵام نادەنەوەو لەناخیداندا ڕوناکی دەبێتە تەمێک بەسەر هەستو هۆشو بیرکردنەوەیانداو ماوەیەکیش بێدەنگی باڵ بەسەریاندا دەکێشێتو لەهەمانکاتدا ئەم مۆبایلەش لەڕووی من دادەخرێتو دوای چەند ڕۆژێک ڕاستو دروستی داخستنی مۆبایلەکە بەمن دەڵێن؛ کەچی ڕوویداوە لەئەنجامی ئەم دانیشتنەدا. دوای مانگێک چاوپێکەوتنەکە بڵاودەکرێتەوە لە جیاتی ناسینی کەژاڵ ڕۆژنامەنووسەکە نووسیویەتی: کەژاڵ تاکوو ئێستا ڕۆژنامەی پێگەی نەبینیووەو نەشیخوێندۆتەوە، مەبەستیش لەم نووسنیە شەرێکی نەخوازراوە کە لەگەڵ ئەو خوشکە بەڕێزە تاکوو بەرپابێت. ئەوەبوو تەلەفوونی کردو لەوکاتەدا من لەماڵەوە بووم کە دیدارەکە بڵاوکراوەتەوە .

خۆم پێ نەگیرا چەندەها قسەی ناشیرینو سووکم ئاراستەی ئەو ڕۆژنامەنووسەکردو تەلەفوونەکەم بەڕوودا داخستەوەو بەکەژاڵم گووت: ئەمە ئەوکەسانەن کە هەڵگری چ پەیامێکی ڕۆژنامەگەرینو چ ئەخلاقێکی دزێو بەڕوویانەوە دیارەو تۆی داماویش کاتێک دەڵێن وەرە لەگەڵت بدوێینو شعرەکانت بەجەماوەر بناسێنین بەقسەی خۆش هەڵنەخەڵەتێیت نەوەک لەخشتەت بەرن.